جیاوازبوون: فرمك له بیرکردنەوە … سەباح ەنجدەر

لە داهناندا پویستە شکی جیهانك بناسین و خشمانبو، جیهانی جیاوازییەکان. جیاوازییەکان بەشوەیەکی کردەیی گوزارشت لە هەقیقەتی جیهان و ککخستنی ئەزموونەکان دەکەن. ئەسترەی چلپەی خداشتنن. خوقاندنی جیهانی جیاوازییەکان، جیهانکی تەواو ەسەن و هونەری ژیانکی بگەردە، تەنیا شتك هەەشە لە داهنان دەکات، نەبینینی جیاوازییەکانە، نەبینینی هونەری ژیانکی بگەرد و پەی پنەبردنە.

بینین و دانپدانانی جیاوازییەکان لە هزی وونی داهنان و پکهاتەی ووداوەوە سەرچاوە دەگرت و پەرە دەستن، دەبتە بابەتی دەربو و بابەتی دەربو، بەئاستی داهنەرانەی خیدا دەوات و ەو دەکاتەوە. گان و وەرچەرخان و واقیع و خەیا و دەنگ و زرینگانەوە و سەرمەشقییەکان، لەدایکبوونی جیاوازییەکان و تەواوکەری ژیانکی بگەردن، واتاکانی نوبەخشی دیاریدەکەن و پەی پدەبەن، بەام زمانی هاوبەشی هەموومان نییە.

نالی و گران، هگرییەکی تایبەتیم بیان هەیە، جادووگەر و خداژن لە زمان و وناکردندا. دوو شاعیری گەورە و جیاوازی زمانی کوردین. ئەو زمانەی داهنەری زری پەروەردە کردوون و خستوونیەتە سەر سەک و پشانی داون، شەرمکی ترسناکم بەرانبەریان هەیە، نموونەی داهنانیان دامەزراندووە، لەناو خوندەوارانی کمەگای کوردیدا لەشونی شیاوی خیان داندراون، خاوەن تاج و تەختن.

نموونەیەك نونەری گشت نییە. لە هەمانکاتیشدا سنووردار ناکرت: نالی شیعری: (مەستوورە)ی لە ئەنجامی ناککی نوان میرنشینی بابان و میرنشینی ئەردەان. لەژر کارتکەر و اسپاردەی سەرلەشکر و فەرمانەواکانی بابان وەك دەربارك فریوی خواردووە، بە لەکەدارکردنی سەرلەشکر و فەرمانەواکانی ئەردەلان نووسیوە، دەرباربوون گایەکی تایبەتی دەربینە، تیرت لە کەوان پە دەترازنت و بەشوەی جراوجر فریوت دەدا، وەك دەق، دەقکی تابی ئستتیکی و پە هونەری جراوجرە و خەیای خونەر دەگەیەنتە ئاستی با، فرمی گشەنیگای هەیە. مەستوورەی لەخەونك، دەیەو قەدەغەکراوەی لە لەدایك ببت. وەرگرتووە، خەونی

هونەری شیعرییەت، کاری لەسەر پێکهاتە زمانەوانییەکان و دیوی نهێنی زمان کردووە، وریایی نیشان داوە. هیچ بوارێکیش بێ ئەگەر و گومان نەماوەتەوە وەك مەبەست و مەرام ئاراستەکراوە، خۆسکی چێژ و چەشەی کەسایەتی خۆی تێدا نییە، دەسەڵاتی ئاراستەکەریش پشتیوانی و هەلی بۆ هەخساندووە.
ئەم پرسیارەی لەم پرس و هێکار و بەرهەکارەوە دەبێت بکرێ. خۆ حەبیبە تاکە دۆبەری بگەرد و پاراوی شاعیر بووە، ئەگەر مەرام و مەبەست و تاکتیکێکی سیاسی نەبووبێت، بێ ئەم ئەزموونە بگەرد و پاراوەی لەگەڵ ئەمدا تاقی نەکردووەتەوە، ئەمە پرسیارێکی ناوون و لێ نییە.
مرۆڤکی داهێنەر و پێ زانیاری، بە زانیاری هاوچەرخی وەك گەران، بە وردی بیری نەکردووەتەوە و گەوهەری بابەتی نەناسیوە، کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئایدیاڵیا و پێوەری گەردوونبووونی شیعری بگەرد و پاراوی تا ئاستێك لە چەند شیعرێکیدا، بەتایبەتی لە شیعری: (گای لەنین)، یان شیعری: (مسکی ئەیار) لە دەست ترازاوە، یان لەی گواوە. خاوەن بنەما پێویستە لە هەموو کاتێکدا پابەندی بنەماکانی خۆی بێت و لەی فڕبەتەوە، زاڵبوونی تواینینی ئایدیاڵیا بە شیعری بگەرد، دۆزەخکی زیندووە، لەقووڵایی بێیار و هەبژاردندا دەیهاوێ.
داهێنەر، کە هەموو هەستەکانی لە دەقکدا کۆدەکاتەوە و دایدەهێنێت و لەی دەبەتەوە. دەبەتە نموونەی دەربڕینکی ناوازە، هیچ شتێك ناتوانێت ئازادی ئازار بدات، چونکە هەستی بە ئەزموونی خۆی کردووە، خۆنەریش بانگدەکات هەست بە ئەزموونی خۆی بکات و نموونەی دەربڕینکی ناوازە ببینێت، کە ئەوەك تەواوکەری بوون مامەڵی لەگەڵدا کراوە، لەو مامەڵەکردنەدا ئازادی دەچێتە ناو خەیاڵەوە. دیوی ئاستەقینەی ووداوەکان سروشتکی ئەفسانەیی و حاڵەتکی شیعرییان هەیە. دەگونجێت لەگەڵ باری ئاوەزی جیهان لەبەر یەکدا ئابگیرێن و پێوانەیان بێ بکرێ، بە پەلەپەل و گیانکی تووڕەییەوە نەنووسرێن، بە سروشتی خۆی شێوە وەردەگرێ و لەکی پێکهاتەکانییەوە کامڵ دەبێت و دەبەتە ئەزموونی کەسی.
هەمیشە لەکەڵەران هەما و ناسنامە و مەرك و ئەزموونی تاکەکەسی داهێنەر لەناو شتە گوتراوەکاندا دەدۆزنەوە و پشکنینی شارەزایی و دانایی لە مانای کراوەدا بێ دەکەن، دەیخەنە بەردەم هەبژاردنی زمانی کلتوور و ساتی داهێنان. داهێنەر بەهای خۆی دەناسێت و بە تێگەیشتنەوە دەخوێنێتەوە و قووڵ دەبەتەوە، ئایەڵ و تانپۆی تاوتووکان ورد دەچنێت، خۆدروستکردنکی ئاستەقینە دەکاتە بنەمای وردبوونەوە. لە یەکێتی بچوون و ئومێدی فریودەر و وەرانکردنی

ژیان و بەلادا چوونیش دووردەکەوتەوە، لەکارتێکردن لە خوێنەر و هەکاری کارتێکردن لە خوێنەریش نزیکدەبتەوە.
شیعر هەرچەندە خودیی و فەنتازیش بێت، بەڵام دەبێ لە گەوهەر و ناوکیدا پەیوەندییەك لەگەڵ خوێنەر دروستبکات. خوێنەریش قەت ناتوانێ بە تەواوی دار و پەردووی داهێنانەکەی بەرجەستە بکات. وێنەیەك ئەگەر خەیاڵییش بێت، کە بووە نووسین و نووسرا، دەبێتە هەقیقەت و واقیع تێدا دەگۆڕێ، خوێنەر دەخاتە باوەشی ئێستێتیکایەکی نەبینراو و پەروەردەکردنی زەینییەوە. تێکی بەرفراوانی پەیوەندییە زەینییەکان دێتە ئاراوە و نیشانە زەینییەکان دەناسێنێت.
لەم باروبوارەدا شیعر واقیع دروستدەکات. کاتەکان تێدا تێکەڵ دەبن و ڕیتمی کات وەك ئامادەییەکی ئێستێتیکی دەردەکەوێت و دەبێتە ڕیتمێکی کراوەی پەیوەندی دامەزراندن، وزی پەیوەندی و کرداریش لەخۆی وەردەگرێت. خەیاڵ بانگی شاعیر دەکات بینووسێت و ڕووبەڕووی هەقیقەتی بکاتەوە، پڕ بنێتە دنیای بوونەوە و بەرشتەکان بکەوێت و شتەکان ناوبنێت.
من هاووڵاتیم، شاعیریشم. وشیاری ئێستێتیکی دروستدەکەم. لەگەڵ وڵاتەکەمم و دژی دوژمنەکانی دەوەستمەوە و دەجەنگم. ڕووگەنمای ئێستێتیکی دەدرەوشێنمەوە، بەڵام لە ناخێکی باوەبەخۆبوو و کاریگەرییەکی ڕاستەقینەدا بە بچووکترین هەڵەی دەسەڵات ناڕەم بەڕێ، بە ڕوونی لە بنەڕەتی هەڵە دەدەم. لە بنیادنانی نوێبەخشیدا، پێشەوی بەڕێوەبردن و دامەزراندن دەکەم و مێژوو دەخەمەگەر. بە تەواوی کارامەییەوە، باوەڕم بە پاکی و بڵایەنی شاعیر هەیە. بەو باوەڕەی خودا بە نێردراو و پەیامبەرانی تەورات و ئینجیل و قورئانی بەخشیوە، ڕێنوێنی کردوون بۆ بەڕێوەبردن و دامەزراندن. لەوانەش دوورکەوتوومەتەوە، کە کۆمەڵێك گوجیلەی بە حەوەحەو بە کلکیانەوە بەستراونەتەوە و ڕاوچی فیستیقاڵ و خەڵاتەکانن.
واقیعم وەك ئەوە دەوێ، کە لەناو تابلۆکانی محەمەد عارفدا هەیە و دەیەوێ ڕەگایەکی چالاك بۆ وشیاربوونەوەی کۆمەڵگا بکاتەوە. سروشتیشم وەك ئەوە دەوێ، کە لەناو تابلۆکانی ئازاد شەوقی دا هەیە و سوورە لەسەر سەرکێشیی، هەم ئەفسانەن و هەم هەما. توندوتیژییان بەرانبەر وێناکردن تێدا نییە، وزەی دەسەڵات لەخۆیان وەردەگرن. واقیع و سروشت بنەچەی ئەفسانە و هەماکانن. ناتوانین ناەزایی بەرانبەریان دەربڕین بۆئەوەی بچینە ناوچە قووڵەکان و لە ڕووداوی مەرگیش نەترسین، یان بوونی شاعیر بەرانبەر بوونی واقیع و سروشت ڕانەگرین، شیعری بۆگەرد واقیع و گشت شتەکان تاقی دەکاتەوە. نەك واقیع و شت ئەو تاقی بکەنەوە.

ئەگەر من هەر لەدایك نەبوومایە، یان بمردبووومایە، یەکێکی دی واقیع و سروشتی بە دیدی من دەبینی و دەربڕینی لێ دەکردن. نموونە: ژگار جەباری، یان ژیار ئەسوەد ... تاد، گرینگ ئەوەیە بیرکەرەوەیەك بە فیکر دەژیا و دەربڕینی لە واقیع و سروشت دەکرد و توانایی و ئامادەیی منی دەسکاند، بەرانبەر بوونی واقیع و سروشتی ادەگرت. ئەمە ناوکی جیاوازییەکانە، لەیەك شۆن ناوەستێت، بەشدارەبێت لە بیرکردنەوە و دەرکەوتەکان، هێز بێ واقیع و سروشت و خێی دروست دەکات.

ئەدەب بەخشندە و مهرەبانە لەگەیدا مامەڵەم خۆشە و هەر زوو چێژ و چەشەی وشەم دەزیيەوە و شاگەشکەبووم، خوێن لە بەرەی پشتمەوە بێ مشك و دەم جما و هەڵکشا، خانەکانی سووی دەورانی چالاککرد. هەمیشە لە ئاسۆیەکی دوور بە وێناکردنێکی زەینییەوە دەست پێدەکەم و خوێنەریش ئاشنای ئەو هەستەم دەبێت و توانایی و ئامادەیی من دەناسێت، لە چەند شیعرێکمدا درێژدادەیم کردووە و چەندان لێکچوون، کە پێویستییان بە بژارکردن بووە، بژارم نەکردوون و هێشتوومنەتەوە، یەك لە کەمتەرخەمی و نەزانینی من بووە. گرفتی چێژ و چەشە دەهێننە پێشەوە و مەیل و ئارەزووی خوێنەر دەکوژن، وەنەوز دەدا و پەرشی بێ خوێندنەوە کەم دەبێت. ئەوکات ئەم ووداوە لە شیعری من ووی دا، کە بیری سوریالیزم بەسەرمدا زاڵ بوو، وێنەم بەسەریەکدا کەڵەکە دەکرد.

کە جیاوازبم بە ئازادیی تەواوەوە، لە بنەەت و چێنیەتییەوە جیاواز دەبم، پێویستیم بە پاپشتێکی گرینگ، نووسین و پێکهاتە و توانایی و ئامادەیی خێم لە بیرکردنەوە و ووداودا هەیە و بەس، دەقی نایابیش بە وێنە نایابەکانییەوە لە یادەوەری خوێنەر دەمێنێتەوە و دەبێتەوە جووڵەی ئاگایی، نائاگایش سەرزەمینێکی نەناسراوە، ئەوەی ئاگاییە گونجاوە. ئەوەی نائاگاییە بابەتێکە بیری لێدەکرێتەوە ئاخێ بێ نییە، ئەگەر هەبوو ئایە دەبێتە گونجاو، یان نا.

لە فەرهەنگی هیچ نەتەوەیەك ووی نەداوە شاعیرێك هێزی ئەوەی تێدابێت، شاعیرانی دی بداتە دواوە و بیانخاتە بازنەی مەترسییەوە، خێی بە تەنیا بمێنێتەوە. نەمویستووە لە شاعیرانی هاوچەرخ و دەوروبەرم جیاوازبم. هەوڵم داوە لە ئەزموونی خێم جیاوازبم، جیاوازیم لە دیوی ئەو دیودا نییە.

لە ناوەوەی خۆمدایە. ئاستداریەکانیش لە ماك و شێواز و ماناکاندایە. لە شۆنەواری ئەزموونی پێشتریشم بەتاڵ ببمەوە. گوڵایەی ئەو ڕحە جیاوازانە دەبم، کە ڕنوێنیم دەکەن بێ جیاوازبوون و حەز و توانام بەکاربهێنم، بە سادەیی و استگێی دڵخ

بگ□م و پ□وەر□کم هەب□ت ب□ بەکاربردنی کار و تواناکانم لە بە□□وەبردن و دامەزراندا، مەسیقاش پ□ش زمان دەرب□ینی لە هەستەکان و پ□داویستییە جیاوازەکانی □□حی مر□ق کردووە.
مر□ق، کە لە ئازارە باوخوازەکان □ادەکات ب□ کە□□کی چ□ژبەخش دەگە□□ت تا ه□کاری چارەسەری ئازارە باوخوازەکان بدۆزێتەوە، دەچ□تە ناو □ەهەندی چ□ژبەخشی شیعری بگەرد و پاراو و جیاوازەوە. لە جیاوازبووندا شیعری بگەرد و پاراو خ□ی کەشف دەکات و خ□یمان پ□شکە□ش دەکات.
جیاوازیبوون بەخشین□کی هەستییە، تەمەنم لە پ□ناوی دانا. جەستە و □□حم ب□ی تەرخانکردووە، بە قوو□ایی نادیاریی□کان و ئاو□نەی هەستەوەردا □□چووم و ل□کدانەوەم ب□ دروستبووە، ژیان لەناو شیعردا بگەیەنم بە واتا □استەقینەکەی خ□ی. ستایشی جیاوازی و دا□نان دەکەم. هەو□دان ب□ د□زینەوەی دا□نانی جیاوازیی□کان شت□کە لە ژیاندا ونە.
لە شاعیرە جیاوازەکان زۆر ف□ربووم، تا خەون و بەرزەئاواتەکانم بەرجەستە بکەم و د□خی پ□ەروەردەکردن وەربگ□رن. پەیوەندی جیاوازیی□کان بەه□زن و منیان وەك شاعیر□ك پ□ەروەردە کرد و پانتاییەکی ل□ حا□یبوونیان بەکارکردن و نیشانەکردن ب□ کردوومەتەوە، لەناویدا ئەرکی بوون و بەخشین و توانایی و ئامادەیی خ□م ب□سک□نم، ژیان لەناو شیعردا بگەیەنم بە واتا □استەقینەکەی خ□ی، کە با□اترین پلەی خ□بوونییە. پرسیاری کارکردن و نیشانەکردنی ل□ دروستدەکەم و دەیخەمە□وو. باش و خراپی لەبارەوە دە□□م، هەندێك نیشانە و پرسیاریش بە هە□واسراوی دەه□□مەوە، لە □وونترین ف□رمیشدا، چ□ژ لە پە□انپە□ی کلاسیك و پە□انپە□ی نو□بەخشی وەردەگرم، لە چییەتی زیندووبوونەوەی دەپرسم، ئەم پرسین و پرسینەوەیە لە ن□وان من و شیعردا وەك جەنگ□کی گەورەی ب□ک□تایی دەم□نەتەوە، پ□داگری لە پ□ناوی مانەوە دەکەم، تا شەهیدم دەکات. دەچمە □وونترین فەزای بوونەوە، کە هەموو فەزاکانی دیکە تێدا ک□تاییان پ□دێت.

ئاداری 2020 هەول□ر
سەباح □ەنجەر